## یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای 30 ساڵ*

# بیری گەنج یان سەرکردەی گەنج،قەیرانی دەسەڵات یان ریفۆرم؟

## بەشی سێیەم

سردار عبدالكريم عبدالله
Sardar24@hotmail.com

**یاداشتنامە، دەسەڵات،ریفۆرم:**

سێ ئەندامی"مەکتەبی سیاسی"یەکێتی"نەوشێروان مستەفا، کۆسرەت ڕەسول، عومەری سەید عەلی" یاداشتنامەیەکیان بەناوی خۆیان و لە جیاتی چەند ئەندامێکی تر بۆ سکرتێری"یەکێتی نیشتمانی کوردستان" بەرزکردۆتەوە.چەند لایەنێکی گرنگی یاداشتنامەکە لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**دەستپێک:**

گەورەی بەرێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

**سەرەتا:**

بەرێز سکرتێری گشتی جۆرێ لە(ئیرهابی فیکری) بەسەر(مەکتەبی سیاسیدا) سەپاندوە و بەهیچ جۆرێ بەکەلکی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە نایەت چونکە کۆتاییەکەی بەشەڕ و تێکچوون و دەنگە دەنگ تەواو دەبێ.
یەکێتی...ئێستا بۆتە دەستکەلایەکی بێگیان بەدەست سکرتێری گشتییەوە و بە ئارەزووی خۆی هەڵیی ئەسورێنێ بێ ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و ئەدامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی هیچ دەورێکیان هەبێ لە دارشتنی بڕیاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگاییەکانیدا.

یاداشتنامەکە دواتر ئاماژە بۆ چەند نەخۆشیەك لەناو هەناوی یەکتی دەستنیشان دەکات،کە لەم شتانە چڕ دەکرێنەوە: نەبوونی ژیانی دیموکراتی حزبایەتی،سەرکردایەتی بەکۆمەڵ،ڕێز نەگرتنی ئیرادەی زۆرایەتی،ڕێز نەگرتنی ئازادی بیروبۆچوون،نەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی.
لەو هەشت خاڵەدا یاداشتنامەکە ئەو بوارانە دەستنیشان دەکات،کە سکرتێری گشتی"تاکڕەوی لە بەکارهێنانی دەسەڵات"تیادا بەکارهێناوە،لەشەش خاڵی یەکەمدا ئاماژەی بەوە کردوە،کە "مامجەلال" سەرجەم بوارەکانی کارکردنی نێو ئۆرگانەکانی یەکێتی بۆ خۆی قورغکردوە،لەخاڵی حەوتەمیش باس لە قورغکرانی بوارەکانی حکومەت لە دانانی وەزیرەکان،وەکیلی وەزیرەکان، سەفیر و مودیر عامەکان دەکاتن،لە خاڵی هەشتەمیش باس لەوە دەکات کە خۆی بەتەنها بێ پرسی سەرکردایەتی،بەشداربووە لە نووسین و پەسندکردنی(قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق).

**بیروبۆچوون و مەبەست:**

بەپێی لێکدانەوەی یاداشتنامەکە بەرەنجامی ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵات،لە دەستی سکرتێری گشتی وایکردووە،کە:

"پەیدابوونی تاقمێ ئەندامی موناڤیق و دووڕو و درۆزن لە دەوری سکرتێری گشتی هەل و مەرجی ڕاستەقینەی گیروگرفتەکانی یەکێتی و نارەزایی خەڵکی لێ ئەشارنەوە ڕاپۆرتی درۆ و هەواڵی ناراستی بۆ ئەهۆننەوە.
لەئەنجامدا گەندەلی دارایی،سیاسی،کارگێڕی و بەڕێووەبەرایەتی تەنانەت گەندەلی خوو ڕەوشت سەرانسەری دام و دەزگاکانی حیزب و حکومەتی گرتۆتەوە بە جۆرێ بۆتە هۆی نارەزایی گشتی خەڵك و زۆری ئەندامەکانی یەکێتی بۆتە مەترسیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر یەکێتی و پاشەڕۆژی."

**چارەسەر:**

ـ سكرتێری گشتی تەمەنی لە"70"ساڵ تێپەڕیووە،کاتی ئەوەي هاتووە ئیتر وەك "ڕەمزێکی بەڕێز"خۆی لە دەستیوەردانی ئیش و کاری ڕۆژانەی یەکێتی بکێشێتەوە و ڕێگابدات بە هاوڕێکانی بەم کارانە هەڵسن .
ـ یەکێتی بگەڕێتەوە سەرکارکردن بەپێی سەرەتا ڕێکخراوەییەکانی.
ـ لەداهات و خەرجی دارایی یەکێتی دا پەیرەوی ڕوونی (شەفافیەت) بکات و سەروەت و سامانی یەکێتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرا بکات.

**ئەلتەرناتیف یان چارەسەری یەدەگ:**

ئێوە(مەبەست مامجەلالە)ئەگەر هەر سورین لەسەر درێژەپێدانی ڕێبازی پێشوو، هەوڵی جدي نەدەن بۆ چارەسەری بنەڕەتی،ئەوە:
ـکە هاوبیرتان بووین لەکاری سیاسی و هاوسەنگەرتان بووین لە کاری پێشمەرگایەتیدا لێرە بەدواوە چیتر باری لێپرسراوێتی مێژوویتان لەگەل هەڵناگرین،
ـخۆمان( مینبەرێکی ئاشکرا) دروست دەکەین بۆ چاککردنی وەزعی یەکێتی.
ـئیتر ئێمە خۆمان بە ئازاد دەزانیین لە هەڵبژاردنی هەر شێوەیەکی کاري سیاسی کە خۆمان بەچاکی بزانین بۆ قازانجی گەل و نیشتمانەکەمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. 20

**بەرەنجام و گۆڕانکاری:**

یاداشتنامەکە سەرەتاکەی بە موجامەلەکردنی مامجەلال دەستپێدەکات"گەورەی بەڕێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان".

وەك لە سەرەتای یاداشتنامەکە هاتووە،کەوا دەسەڵاتەکان هەر هەمووی لەلایەن مامجەلال چڕبوونەتەوە و قۆرغکراون،(ئیرهابی فیکری)بەسەر(مەکتەبی سیاسیدا) سەپاندوە.ئەم قەیرانەی دەسەڵاتیش بۆتە هۆی گەندەڵیەکانی ناو حیزب، حکومەت، کۆمەڵگا.

چارەسەرەکەش بۆ ئەم چڕبوونەوە و قۆرغکرانەی دەسەڵاتو(ئیرهابی فیکری)ە زۆر توند و یەکلاکەرەوەیە،کە دەڵێ:"سکرتێری گشتی تەمەنی لە"70"ساڵ تێپەڕیووە،کاتی ئەوەی هاتووە ئیتر وەك"ڕەمزێکی بەڕێز"خۆی لە دەستێوەردانی ئیش وکاری ڕۆژانەی یەکێتی بکێشێتەوە و ڕێگابدات بە هاوڕێکانی بەم کارانە هەڵسن."

بەم پێیەبێ چارەسەری سەرەکی لەم یاداشتنامەیە بۆ ئەم قەیرانی چڕبوونەوەی دەسەڵات و ئیرهابی فیکرە،بریتیە لە:
ـدوور کەوتنەوەی مامجەلال لە سکرتێری و ڕێگا چۆلکردن بۆ هاوڕێکانی تا ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ،ئەم چارەسەرەش خۆی لە"خانەنشین کردنێکی ناچاری" لە ڕێگای"کۆدتایەکی سپی"بەپێی ڕێککەوتنێکی"ناچاری- زۆرەملێ" لە نێوان هەردوو لا(مامجەلال و م.س)دا دەدۆزێتەوە.
ـ بەم چارەسەرەش مامجەلال لە"ئیرهابچیەکی فیکری و باڵادەستێکی تاکرەو" ببێ بە"ڕەمزێکی بەڕێز"،واتە کەسێکی "کارێزما" یان "سمبولێکی مێژوویی".

ئەم ڕێگا چۆلکردنەی مامجەلال و بوونی بە"ڕەمزێکی بەڕێز" واتە هەر ئەم کۆنە سکرتێرە تەمەن لە"70"ساڵ تێپەڕیووە"ئیرهابچییەی فیکر و باڵادەستە تاکرەو"ە یە، کە دەیکەن(نەك دەبێ)بە کەسایەتی پێشەنگ و سمبولی بەڕێزی یەکێتی. ئیرهابچیەکی فیکری و باڵادەستێکی تاکرەوە ببێتە ڕەمزێکی بەڕێز،دوو تای ناهاوسەنگی هاوکێشەیەکن،لەگەڵ یەك پارسەنگ نابن.لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە،ئایە مەبەست لەم چاکسازییە تەنها دوور خستنەوەی مامجەلالە بووە یان ڕیفۆرم و پاکسازیی؟ئەگەر پاکسازییە ئێمەی شاگردی"30" ساڵە و زیاتری ئەم دیکتاتۆرە و ڕەمزە بەڕێزە،چۆن قبوڵمان بێت ئەم سێبەرە زڕەمان هەر بەسەرەوە بێت؟ئەگەر قبوڵمان بوو واتە هیچمان لە هیچ،دەبێ چەندین دیکتاتۆری ترمان لێدەربچێ؟! ئەگەر تۆزێ باری لێکدانەوەکە قوڕسبکەین و

تەئویلی زیاتری بۆ بکەیین،مانای ئەم چەند دەستەواژانە بەو مانایەدێ مامجەلال لەژێر فشار دەبێتە"ڕەمزێکی بەڕێز"،ئەگەر دواتریش بەخۆمان داچووینەوە، ئەوە لە کۆتایدا مامجەلال دەبێتە"سمبولێکی ڕیکلامەیی بێگیان"،لە باشترین دۆخدا دەبێتە سمبولێکی وەك "ستالین"نەك کەسایەتەکی کارای ناو یەکێتی،لە ئاستی بەرپرسیەتیەکی نزمتر یان بەلانی کەم وەك "هزرڤانێك".

ئەم چارەسەرە تەنها یەك ئیختیاری داوەتە مامجەلال،ئەویش سەرپشکیان کردووە لەوەی(دوورکەوە لە یەکێتی نەوەك دوورت دەخەینەوە)،چارەسەرێکی زۆر ناچاری - زۆرەملێییە،ئیختیاری تری نەداوە.بەمەش هەر لەسەرەتاوە مامجەلال خزێنراوەتە نێو گۆشەیەکی تەسك ئەویش"ڕەمزێکی بەڕێز"ە و"ئیرهابچیەکی فیکری"ە،ئەم ناچارکردنە نە لەگەڵ خەبات- پایە- خۆشەویستی- هزرڤانی و کەسایەتی مامجەلال ڕێکدەکەوێ،نە لەگەڵ پرنسیپە دیموکراتیەکان کۆکە،نە لەگەڵ پرنسیپەکانی ڕیفۆرم،نە لەگەڵ پەیڕە و پڕۆگرامی ناوخۆیی(کە کاری دەستەگەری لەهەموو ئەندامانی یەکێیی قەدەغەکردووە؟!)،هەروەها نەلەگەڵ"ڕەمزێکی بەڕێز" و" گەورەی بەڕێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان" یش دێتەوە.

لەم خاڵەدا مامجەلال "ناچاردەکەن" واز لە کارکردن بهێنێ، نەك "سەرپشکی" بکەن،ئەو کاتە کێ دەبێتە سکرتێر؟ئایە لەسایەی ئەم خەرمانە هەڵانە،ئەو گەندەڵیە تەشەنەکردووە،ئەو ناوەڕۆك و مەبەستەی ئەم یاداشتنامەیەدا باسی لێوەدەکات،سکرتێرە نوێکەش لە ئایندە ناکەوێتەوە ناو هەمان هەڵە و بەرەنجام بۆ کۆنترۆلکردنی حیزبێکی گەندەڵی پڕاوپڕ لەکەم و کوڕێ(وەك یاداشتنامەکە ئاماژەی بۆ کردووە)؟ ئایە تەنها گۆڕانی سکرتێر بەسە بۆ چارەسەری بە پەلەی قەیرانەکە؟ئایە ئەم سکرتێرە نوێیە و هاوڕێکانی"فانۆسی سحریان" لایە تا بتوانن بە"کونفە یەکونێك" سۆپەرمانانە ئەو هەموو چاکسازی و پاکسازییە بکەن؟ ئەگەر لە توانایاندایە ئەی بۆ ئەوەندە دوایان خستووە؟کەواتە تاوانی تەشەنەکردنی گەندەڵی و بەرپرسیەتی مێژوویی،کە بەهۆی ئەو بێدەنگیە و دواخستنە دێتە بەرباس،هەمووان دەگرێتەوە،تەنها ئەم یاداشتنامەیە بەس نیە بۆ هەڵبواردنی لایەك و تاوانبارکرانی لایەکەی تر؟!

ئەگەر ئێستا توانا هەیە ئەم ڕیفۆرمە بکرێ،کەواتە پێشتریش دەکرا،چونکە باردۆخی کورد ئێستاش هەر ناسکە(وەك خۆیان لە مەسەلەی یەکخستنەوەی ماڵی کورد هەمیشە وەك خاڵێکی ناچاربوون و ئارگومێنت بۆ تەحەمولکردنی یەکتری بەکاریدەهێنن).لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ئەم یاداشتنامایە:دیارە سەرجەم ئەندامانی یەکێتی درکیان بەم گەندەڵیانە کردووە،بەڵام هەرکەسە لەبەر تیشکی کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی و شەخسیی ،خۆی بە یەکێتی هەڵواسیوە یان لەگەڵیدا دەڕوا یان بەهیوایە گۆڕانکاری ئەنجام بدرێ؟! لێرەدا ڕاستیەك دێتە پێشەوە ئەویش ئەگەر ئەم هەنگاوانە لە سەرەتاوە بنرابان،ئەمڕۆ یەکێتی برینەکانی ساڕێژ بوو بوون یان نا؟،ئەم ڕیفۆرمەش کە لەهەموو قۆناغەکاندا پێویست بووە،هەموو ئەندامێکی دڵسۆزی یەکێتی و کوردێکی نیشتیمان پەروەر، لاری لێ نەبووە و هەرهەموو ئەندامانی"یەکێتی" ئەم ڕیفۆرمەیان پێ باشە و بووە،لەگەل چاکسازی و پاکسازی دانە و بوونە(جگە لە تاونبار و گەندەڵیەکان)، کەواتە ئەگەر بمانەوێ لەژێر چەتری یەکێتی درێژە بەخەبات بدەین،نابێ چیتر هیچ بەهانەیەك قبوڵ بکەین بۆ دواخستنی ڕیفۆرم و پاکسازی(بەلانی کەم لەسەر ئاستی ناوخۆی حیزبدا)،تەنها بە چالاکرانەوەی ڕۆڵی (م.س)یش سەر نەخەینە سەر سەرین.

"یەکێتی..ئێستا بۆتە دەستکەلایەکی بێگیان بەدەست سکرتێری گشتییەوە و بە ئارەزووی خۆی هەڵی ئەسوڕێنێ بێ ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی هیچ دەورێکیان هەبێ لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و

پێشمەرگاییەکانیدا" با بڵێین:"ئەگەر ئەم بۆچوونە تا بەر لە مانگی ت- دووەمی 2004 و چالاککرانەوەی(م.س) و دانانی جێگرێك بۆ سکرتێری گشتی(واتە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی)ڕاست بووبێت،ئەوە ئەم مەسەلەیە دوای گۆڕانکاریەکان،ڕاست نیە،بۆ؟

ئەگەر مەسەلەی(پۆستی سەرۆکی هەرێم و جۆری سیستەمەکەی) و نەبوونی ووردەکاری و دۆکومێنتال لەسەر ئەوبابەتە لە نێوان (پارتی و یەکێتی)بە نموونە بهێنینەوە،21 ئەوە ئەم هەڵەیە زۆر بە گەورەتر لەسەر هەموو سەرکردایەتی یەکێتی دەژمێردرێت،چونکە ئەم کەماسیانەی لە پرۆتۆکۆلەکەی ڕێککەوتننامەی (هاوپەیمانێتی کوردستان) ی نێوان(یەکێتی و پارتی) دا هەیە.کەمتەرخەمی لەکاری دۆکومێنتالی و ووردەکاری ڕێککەوتنەکەدا لە دوای بەرزکرانەوەی یاداشتنامەکە کراوە،کە ئەوانیش تیایدا بەشداربوونە،کەواتە بڕیاردانەکە لە <u>"سایەی ژیانی دیموکراتی حزبایەتی،سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، ڕێزگرتنی ئیرادەی زۆرایەتی،ڕێزگرتنی ئازادی بیروبۆچوون"</u> بووە.ئەی بۆ نەیان توانی درك بەم بۆشاییە یاساییە لە پرۆتۆکۆلی ڕێککەوتننامەکە بکەن؟

پێشتر مامجەلال بەوە تاوانبار دەکرا،کە بە تەنها خۆی بەبێ پرسی(م.س) ڕێککەوتنەکان مۆردەکاتن،بۆیە کرچ وکاڵن،ئەی ئەم ڕێککەوتنەی یەکێتی و پارتی بە ئامادەبوونی"مەکتەب سیاسیەکی چالاککراو"دوای گۆڕانکاریەکانی ناو یەکێتی نەبوو؟ئەی بۆ ئەم هەڵە زەقەیان بەسەردا تێپەڕیووە و وا کرچ وکاڵە؟ئەمەش بەڵگەیە بۆ نەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی و قەیرانی بێ بەرنامەیی و بێ پرۆژەیی زیرەکانەی زانستیانەی وورد و نەبوونی ڕاوێژکاری خاوەن بڕوای ئازای چاونەترسی بلیمەتی باش لە دەوروبەری سەرکردەکان و بەکار نەهێنانی شێوازی زانستیانەی کارکردن لای سەرجەم سەرکردایەتی سیاسی کورد بەگشتی و یەکێتی بەتایبەتی، بەڵگەشە بۆ خراپی لە بەکارهێنانی "کات" لە خستنە ڕووی ئەم یاداشتنامەیە،زەقکردنەوەی ئەم جۆرە ململانێیە ناوخۆییانە،بەبێ بەرنامەیەکی پووخت و کار بۆ کراوی جەماوەری و ڕێکخراوەیی،لەو جۆرە بەرەنجامە نێگەتیفانە و فشارە زۆرانەی پارتی و خوێندنەوەی تری باشی تری لێ ناکەوێتەوە.

ئایە تەنها گەڕانەوەی یەکێتی بۆ کارکردن بەپێی سەرەتا ڕێکخراوەییەکانی بەسە بۆ چارەسەرکردنی"گەندەڵیە تەشەنەکردووەکان"ی ناو سەرجەم دامەزراو و ئۆرگانە"حکومی و حیزبی"ەکان؟ئایە بەبێ بوونی بەرنامە و پرۆژەیەکی"ڕیفۆرمی موتەکامل"ی داڕێژراوی زانستی پێشوەختی،ئەم ڕیفۆرمە ئەنجام دەدرێت؟ئەگەر مەبەست لە کارکردن بەپێی سەرەتا ڕێکخراوەییەکان...هتد،ئەوەبێ تەنها (م.س) چالاك بکرێتەوە،دیارە لەم دۆخەدا مامجەلال کەسایەتی"ڕەمزی بەڕێز"نیە و نابێت،بەڵکو"کەسایەتی کارا و بڕیار بەدەستە"، ئەی چۆن دەتوانرێ ئەم چاکسازی و پاکسازیە بکرێ،کە لەسایەی ئەودا ئیرهابی فیکری،گەندەڵی و تاکڕەوی گەشەیان کردووە؟بۆیە لەم یاداشتنامەیەدا تێبینی ئەوە دەکرێ پەلەکردن و بێ بەرنامەیی لە داڕشتن و کات هەیە،هەر لەبەر ئەو هۆیەشە یاداشتنامەکە بە زمانێکی کوردی پاراوی دبلۆماسیانە نەنووسراوە و یەکێتی بابەت و چارەسەری ڕیفۆرمییانەی تیادا بەرچاو ناکەوێ،زیاتر بە عەقلیەتی شۆڕشگێڕی و زمانی زبر شتەکان خراونەتە ڕوو.

لەداهات و خەرجی دارایی یەکێتی دا پەیڕەوی ڕوونی (شەفافیەت) بکات و سەروەت و سامانی یەکێتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرا بکات.دیسان بەپێی ئەم دەستە واژەیە(...بکات)"بێ،واتە کەسی(بکەر)لێرەدا مامجەلالە،ئەمەش ناکۆکە لەگەل بەشێکی سەرەکی داواکاریەکانی یاداشتنامەکە کە مامجەلال دەبێ ببێتە کەسایەتی"ڕەمزی بەڕێز"، لێرەدا جارێکی تر دان بەمانەوەی مامجەلال وەك سکرتێری یەکێتی دەنرێتەوە و ناکۆکی لە"یەکێتی بابەت و داواکاری" دا هەیە.

له چارەسەری ئەلتەرناتیفیشدا:دوو چارەی تر خراوەتە ڕوو یان ئەوەتا "ڕیفۆرمییەکان" لە باڵی"پارێزگارەکان"جیادەبنەوە(با وا ناویان لێببنێین) 22 و چیتر بەشداری لە هەڵگرتنی باری لێپرسراوێتی مێژوویی ناکەن یان ئەوتا شێوەیەکی تری کاری سیاسی هەڵدەبژێرن کە بەچاکی دەزان؟
لەم سێ دێڕەی سەرەوە جگە لە زمانێکی گرژی زبراوی،هەڕەشە ئامێز،تێبینی ئەوەش دەکرێ شەفافیەت لە نیاز و خستنەڕوو ئامادەبوونێکی بەرجەستەی نیە،بە ئاشکرا تەم ومژاویەك لە نیازی و ئامانجەکانی یاداشتنامەکە هەست پێدەکرێ،ئەمەش بۆ باڵی"ڕیفۆرمییەکان"بە پوونتێکی خراپ دادەنرێ لە خوێندنەوە جیاجیاکان بۆ ئەم چارەسەرە ئەلتەرناتیفە و ئامادەبوونێکی زەقی شێوازی تەکتیك نەك ڕوونی "شەفافیەت" لە ستراتیژییەت؟!
لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا،بۆمان دەردەکەوێ یاداشتنامەکە:
لە خستنەڕووی چارەسەرەکان سەرکەوتوانە نەبووە،بەڵام لە خستنەڕووی گەندەڵیەکان،کەم و کوڕیەکان و هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان تاڕادەیەکی باش سەرکەوتووبووە.

لە نووسین و دارِشتندا چ لە ڕووی پاراوی زمان،چ لە ڕووی خستنەڕووی داواکاری، ئامانجەکان و چارەسەرەکان بۆ ئەم قەیرانەی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان و گەندەڵیەکان،پەلەپەلیەکی زۆری پێوە دیارە.واپێدەچێ هەر لەبەرئەوەش بێ ئەم یاداشتنامەیە بەرنامە و پڕۆژەیەکی"موتەکاملی" زانستیانەی بەرفراوانی ڕیفۆرمی هاوپێچی لەگەلدا نەبووە،تەنها یاداشتنامەیەك بووە کۆمەڵێك داواکاری دیاریکراوی تیادا دەستنیشان کراوە،بۆیە ناتوانرێت بە پڕۆژەیەکی ڕیفۆرمی"سەدا سەدی تەواوی پێگەیشتوو"پۆلین بکرێ،بەڵکو تەنها"تەکانێك" یان وەك د.بەرهەم دەڵێ:"ڕاچڵەکاندن"ێك بووە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ"قەیرانی ناوخۆیی حیزب" و"شەفافیەت لەداهات و خەرجی دارایی" و "دابەشکردنەوەی دەسەڵات".

**پڕۆژە یان بەرنامەی کارکردن بۆ نەمانی ئەم قەیران و گەندەڵیانە:**

ئەم یاداشتنامەیە دەکرێ لە داهاتوودا دەوڵەمەند بکرێ، پڕۆژەیەکی ڕیفۆرمی "موتەکاملی"هاوپێچ بکرێ و بەر لەوەش هەر لە ئێستاوە(کۆمسیۆنێکی نەزاهەت) لەکەسانی سەرڕاست و دڵسۆز پێکبهێنرێ،بۆ ئەوەی لە ڕێگای "سیاسەتی ئەمەت لە کوێ بوو؟"هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ئەم ڕیفۆرمە خۆشبکرێ.ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین،کەوا ئەرکی ڕاستەقینەی"ڕیفۆرم"ئەوەیە هەوڵنەدرێ"بارێکی نائاسایی"بخولقێنرێ وەك ئەوەی "شۆڕشەکان"دەیکەن، چونکە لەو بارە نائاساییە هەمووشتەکان،هەلومەرجەکان،دامەزراوەکان و حالەتە چەسپاوە سیاسی- کۆمەڵایەتیەکان دێنە گۆڕان.ئەگەر"ڕیفۆرمییەکان"وەك "شۆڕشگێڕەکان" سیاسەت نەکەن و" تەنها یەك ئامراز" بەکارنەهێنن، ڕیفۆرمییەکان پەنا بۆ کوشتن و بڕ و تۆڵە سەندنەوە نەبەن،باوەڕیان بە توندوتیژیی نەبێ و واقیع سەر و ژوورنەکەن! ڕیفۆرم پرۆسەیەك بێ بەهۆی پرنسیپەکانی،کە هەیەتی"ڕەوایەتی یاسایی"بۆخۆی دەستەبەربکات لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا،لە سیستەمێکی سیاسیدا،لە پارتێکدا..هتد.23
ئەگەر ڕیفۆرم بەم پێوەرەبێت،ئەوە ئەرکی ئەم یاداشتنامەیە زیاتر دەچێتە خانەی"هەوڵێکی فشارئامێز"یان "هەڕەشەیەکی شۆڕشگێڕانە"نەك "ڕیفۆرم"، لەبەر ئەوەی:
_یاداشتنامەکە بە زمانێکی زبری یەکلاکەرەوەی دوور لە دبلۆماسیەت نووسراوە،تاڕادەیەك پەنا بۆ بەکارهێنانی هەڕەشەی ئاشکرا و هەڕەشەی دەمامکدراو و چارەسەری شۆڕشگێڕانەی خێرا دەبات،داواکاری دیاریکراو و سنوورداری تیادا هاتووە،ئەگەر ئەم ڕاستیە شاراوەیەش لەبەرچاو بگرین کە بەشێك لە هێزی پێشمەرگە؟! خرابوونە "حالەتی ئامادەباشی"، خۆیان بۆ پەرچەکرداری چەکدارانەی سکرتێری گشتیی ئامادەکردبوو.

_دوای ڕێککەوتنی هەردوو باڵ و چالاککرانی مەکتەبی سیاسی و دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە نێوان"ڕیفۆرمییەکان و پارێزگارەکان" و هەندێ گۆڕانکاری سنووورداری تر،کەچی ئێستاش لێرە و لەوێ هەردوولا(بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ جارجاریش بە ئاشکرا) پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە و لادانی لایەنگرەکانی یەکتری دەبەن.

_بەپێی ئەو هەواڵ و لێکدانەوانەی کە دواتر وەك بەرەنجامی"یاداشتنامەکە"لە بڵاوکراوە کوردیەکان دەبینرێن،لای چاودێرانی سیاسی وا تێبینی دەکرێ ئەم یاداشتنامەیە هۆکارە سەرەکیەکانی گەندەلیهناوخۆیەکانی یەکێتی تەنها بۆ نارێکی لە دابەشبوونی دەسەڵاتەکان یان چڕبوونەوەی لە دەستی سکرتێری گشتی دەگەڕێنێتەوە،ئەم تاکڕەوییە لە دەسەڵاتی مامجەلال بۆتە هۆی نەمانی شەفافیەت لە داهات و خەرجیەکان،لە دامەزراندن و لێسەندنەوە و پێدانی دەسەڵات لە وەزیر و نوێنەرانی حیزبی وحکومیەکان،هەر بۆیەش زیاتر یاداشتنامەکە هەوڵدەدات"بواری دارایی یەکێتی و پڕۆژە جۆربەجۆرەکانی"لە مەکتەبێکی تایبەتی ڕێکبخرێن،تا بەکەمکردنەوەی دەسەڵاتی دارایی سکرتێری گشتی دەسەڵاتەکانی تری کەمبکرێتەوە و ئەم دەسەڵاتانە دواتر بگەڕێنرێنەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی.24 ئەم هەواڵانە ئەوە دەسەلمێنن،ئەگەر لە دۆخێکدا یاداشتنامەکە "پڕۆژەیەکی زۆر سادەشی"هەبووبێ،ئەوە ئامانجی سەرەکی ئەم پڕۆژەیە چڕکراوەتەوە تەنها لە بواری دابەشکردنەوەی داسەڵاتەکان لە نێوان ئەندامانی "م.س" و گۆڕانکارییەکان لەوێ قەتیس کراوون؟! چونکە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت مانگ بەسەر یاداشتنامەکە تا ئێستا پڕۆژەیەکی "متەکامل" سەبارەت بە بەرنامەی ڕیفۆرم بەرچاو نەکەوتووە،بەڵکو خاوبوونەوە و ساردبوونەوەیەکیش لە مەسەلەی ڕیفۆرم هەست پێدەکرێ.گۆڕانکاریەکان و ڕیفۆرمەکان دانەبەزێنرانە ناو سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتی،حکومی و کارگێڕی،واتە نەبۆتە پرۆسەیەکی"گشتی بەردەوام"،کە هەموو بزووتنەوە ڕیفۆرییەکان پەیڕەوی دەکەن؟!ئەم ڕاستیەش جارێکی تر ئەوە دووپات دەکاتەوە، ئەم قەیرانەی دەسەڵات و گەندەڵیانە لە ناو هەناوی یەکێتی زۆر کۆنن و تەشەنەیان کردوە، زەرورەت بوون ە پێداگرتن لەسەر ڕیفۆرم(بەلانی کەم لە ناو خۆی یەکێتی)لەو کۆنیەوە هاتووە وهەر دواخستنێکی تر ئەرکی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمییەکان قوڕستر و ئاڵۆزتر دۆکا ە بەرەنجامی خراپی بەسەر یەکێتیەوە دەبێ.

کەواتە پەلەکردن و سوربوون لەسەر مەسەلەی"دابەشکردنەوەی دەسەڵات"بەو مانایەی،کە سیستەمی دامەزراوەیی و حکومەتی ئەلەکترۆنی لە ئۆرگانەکانی حیزبی،حکومی و کارگێڕیەکان بەکاربهێنرێ، داخوازییەکی ڕەوایە و ڕاستیەکە نابێ چیتر بازی بەسەر دابدرێ یان دوابخرێ تا گۆڕانکاری بنەڕەتی پۆزەتیفانە و ڕیفۆرم هەموو بوارەکانی ژیانی هاوڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

**لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکرێ:**

* هەر دواخستن و خاوبوونەوەیەك لە ڕیفۆرم دەمان خاتە بەردەم مەترسی بێهیوا بوون،بەرەنجامی زۆر خراپتر.

*دواخستنی ئەم ڕیفۆرمە مەترسی ئەوەی لێدەکرێ بەشێوەیەکی کارا و بەهێز و زۆر خێرا لەناو ڕێزەکانی یەکێتی( واتە لە ناو بەرپرس باڵادەستەکان و سەرکردایەتی) چینی نوێ(الطبقة الجديدة) 25 دروست ببێ.هەروەها"الدولة هي انا"کەپێشتر هەموو دەسەڵاتەکان لای"مامجەلال"چڕبووبۆوە(وەك یاداشتنامەکە باسی کردوو)،دواتر بەم هەنگاوە خاوە بگوازرێتەوە بۆ"م.س"ی و بە تەنها لەوێدا چڕببێتەوە.ئەم مەترسیەش ئەوکاتە زیاد دەکات،چونکە تائێستا سیستەمی دامەزراوەیی لە ناو ئۆرگانەکانی یەکێتی زۆر لاوازە و کەم هەستی پێدەکرێ. شەفافیەت لە کوردستان شتێکی غەریبە، بەمەش گۆتەکەی"لویسی چواردەهەم کە:من دەوڵەتم"لێرە ببێتە"دەوڵەت مەکتەبی سیاسیە و ئەندامە خاوەن سامان و

دەسەڵاتدارەکانینە" و ئەو چینەش کە د.بەرهەم لە نامەکەیدا ئاماژەی پێکردووە ئەگەر دۆخەکە هەروا بمێنێتەوە، ئەوە بێشك بە هۆی زروفە بابەتی و زاتیەکانی کوردستان و بوونی بە بازاڕێکی گەورەی بێ سانسۆری ئابووری و کەمی هۆشیاری،ئەوە لە ئایندەیەکی نزیك دەبێتە ئەمری واقیع و دروست دەبێ. تێوەگڵانی هەندێ لەئەندامانی پایە بەرزی یەکێتی لە مەسەلەی کرانەوەی "زانکۆی ئایندە"لە سولەیمانی یان کاریگەری و بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن بەرپرس و ئەندامانی سەرکردایەتی بەسەر ڕەوشی موزایەدەی تەندەرەکانی بەڵێندەریی و کۆنتڕاتەکان یان داواکردنی بەش لە تەندەر و کاری بازرگانی و کۆنتەراتەکان،چنینەوەی دەستکەوتی مشە و خەیاڵی،26 دەکرێ ئەمانە بە نموونەیەکی زیندوو دابنێین بۆ سەرەتای دروست بوونی ئەم چینە، ئەگەر بەر لە هەر گۆڕانکاریەك پەلە لە دامەزراندنی"کۆمسیۆنێکی نەزاهەت" بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی حکومی و حیزبی لە سەرانسەری کوردستان نەکرێت.

*ڕیفۆرم لە کوردستان "ئیدارەی سولەیمانی" کە تەوەری باسەکەمانە(چونکە پەیوەندی بە یەکێتیەوە هەیە)بۆیە دەبێت لە یەك کاتدا یەکێتی لە ئیدارەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا چاکسازی و پاکسازی لە هەرسێ تەوەرەکان "حیزب، حکومەت و کۆمەڵگا"بکات،بۆ ئەمەش دەبێ بەرنامە و پڕۆژەیەکی واقیعی و پڕاکتیکی ئامادەبکرێ،ئەم پڕۆژەیە لەسەر ئاستە جیاجیاکان لە ڕێگای کادیری پسپۆری شارەزا و ئەکادیمی"پاك" و ڕاوێژکاری بلیمەت چاونەترس بخەملێنرێت، ئینجا دواتر داوای"ڕیفۆرم لە ناوخۆی حیزب و حکومەت"بکرێ،بەم هەنگاوانەش ڕەنگدانەوەی پۆزەتیفانەی چاکسازی و پاکسازییەکە(لەم دوو دامەزراوانەدا) بەسەر کۆمەڵگاش دیاردەکەوێ،بۆ؟

کە تۆ ڕیفۆرم لە ناوخۆی حیزب دەکەیت و دەسەڵاتەکانی سکرتێر دیار دەکەیت، ئایە ئەم وەرچەرخانە لە دەسەڵاتەکان تا چەند کاریگەری بەسەر ئۆرگان و دامەزراوەکانی تری حیزبی، حکومی،خزمەتگوزاری وکۆمەڵایەتیەکان دەبێ؟

دیارە کایگەریەکە"دوو سایتیە"زیاتر وابەستەیە بە"چۆنایەتی" گۆڕانکاریەکان نەك "چەندایەتی" لە "دەسەڵات"ە کارگێری وداراییەکانی ناو حیزب یان پلە و پایەی کادیرەکان.بەر لە هەموو شتێ دەبێ یەکێتی بۆ مەکتەبی سیاسی،دەستەی کارگێڕی و کۆمیتەی سەرکردایەتی:

* کۆمەڵێك ڕاوێژکاری پاکی،بلیمەتی،بەجورئەتی،بیر تیژی،پسپۆری ئەکادیمی دابمەزرێنێ،لەسەر سەرکردەکانیشە لە پرسکردن و ڕاوێژکردن بەم پسپۆرانە شەرم نەکەن و نەترسێن.

*لە سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزبی گرنگی بە کاری دۆکۆمێنتاڵی و ئەرشیف بدرێت،لە ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕێکی کۆمپیتەری نهێنی تایبەت.

*کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر داهات و سامانی(گوازراو و نەگوازراوەی) سەرجەم کادیرانی پێشکەوتووی حیزب(بە ڕەزامەندی پێش وەختی خۆیان) بە هاوکاری ئۆفیسەکانی باجی داهات و ملکداری. بە تایبەتی بۆ کادیرە بەرچاو و پێشکەوتووەکان،کە ئەمە بنەمایەك بێت بۆ داڕشتنی پرنسیپەکانی شەفافیەتی دارای بەهۆی تۆمارکرانی سەروەت و سامانیان،ئەگەر ئەم کەسایەتیانە ئامادەنەبوون بێنە بن باری ئەم پرنسیپ و بەرپرسێتیە،ئەوە ڕێگا بە پاڵاوتن و کار پێسپاردنیان نە درێ،دواتریش دەستەیەکی خاوەن بڕوای ڕابردوو پاك بۆ بەدواداچوون،چاودێری و لێکۆڵینەوە  هەبێ،کە سنوورێ بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی-حکومی دابنێت و ڕێگا لە دووبارە بوونەوەشیان بگیرێت،بێ ئەوەی سڵ لە بەرەنجامە نێگەتیفەکانی ئەم کارە بەسەر چەندایەتی ئەندامان و هەڵگەڕانەوەی کادیرانی یەکێتی بکرێتەوە.

*دەبێ یەکێتی ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی و حیزبەکانی تر لەسەر ئەو بنەمایە بکات کەپەنادان  و باوەشکردنەوە بۆ"کادیری گەندەڵ  و تاوانبار" قەدەغە بکرێ، نەك لەسەر سەنگەر گۆڕین.

*یەكێتی دەبووا هەر لە سەرەتاوە هەوڵبدات بیر لە گەشەپێدانی سیستەمی دامەزراوەیی و بنەبڕكردنی گەندەڵی و مەحسوبیەت لە ناو دامەزراوە حكومی و خزمەتگوزاریەكان بكاتەوە،نەچێتە ژێر كاریگەری شێوازی كاركردنی حیزبی تر و سیستەمی خێلەكی.

ئەگەر دامەزراوەكانی حكومی بەشێوەیەكی تەواو كار بە سیستەمی دامەزراوەیی خۆیان بكەن،سیستەمی باج،چاودێری دارایی،قانونی كاركردن،پلانی كاركردن، پێگەیاندنی كادیر،هەلی كاركردن،سیستەمی كاروباری كۆمەڵایەتی،پلانی ئاوەدانكردنەوە و نەخشەدانان بۆ گەشەپێدانی شارەكان بە پێی پێویست و لەبەر رۆشنای سەر ژمێریەكی دروست بوایە،بۆ نمونە:لەجیاتی بەخشینی زەوی لەسەر بنەمای سیاسەتی ڕازیكردن و چارەسەری كاتی(بەنجكردنی ئازارەكان)،بێ ڕەچاوكردنی گەیاندنی كارەبا و مەجرا و شتە خزمەتگوزاریەكانی تر بۆ ئەم گەڕەكە تازانە و قورسكردنی ئەو ئەركانەشیان لە گەڕەكە تازە و كۆناكان یان لە دەستدانی بنەماكانی پاراستنی ژینگە،هاوسەنگی نەكردن لە نێوان داواكاری و خستنەڕوو(عرض و طلب)،دەبووا بەر لەم دابەشكردنە نارێكەی زەوی بۆ نیشتەجێكردن،بیر لە هێزی كاركردنی ڕاپەڕێنەری ناوخۆیی كوردستان بكرابایەوە، بیر لە چارەسەركرنی ئەو بێكارییە دەمامكدراوەی كوردستان و مشەخۆریەی بەسەر وەزارەتی دارایی هەیە بكرابایەوە،كە بەرەنجامە خراپەكانیشی پێگەیاندنی نەوەیەكی زەمتەی،تەوەزەلی چاو لەدەستە.ڕاستە لە كوردستان،لە سایەی ئازادی سەرمایەیەكی زۆر هەیە،بەڵام نارێكیەكی زۆر لە بەگەڕخستنێكی تەندروستدا هەیە،هەنگاو بۆ گەشەپێدانی ئام سەرمایەیە نیشتمانییە لە بواری بە پیشەسازی و گەشەپێدانی ژێرخانەكەی بە شێوەیەكی زانستی نەنراوە.ئەمە كێڵگەی پێگەیاندنی گەندەڵیەكان،مەحسوبیەت و بەرتیلن، لە سایەی ئەم دەسەڵاتە دیفاكتۆیە ناوخۆییانەی  حیزبی و حكومی ئەوە ی گەندەڵیەكان،مەحسوبیەت و بەرتیلن بە پیت و بڕشت تر دەبن.

كۆمەڵگا لەسایەی حكومەتێكی دوور لە گەندەڵی،كارای،بە ئەزموونی،خاوەن بەها دیموكراتیەكانی بە پلانی زانستی، ئەتوانێ كۆمەڵگایەكی شارستانی دوور لە هەڵپەرستی،بەرتیلخۆری،تەندروست بەرهەمبهێنێ.گەشەكردنی دەسەڵاتێكی لەو بابەتە ئاستی هوشیاری سیاسی، كۆمەڵایەتی،فەرهەنگی،ئابووری،تەندروستی و خوێندەواری هاوڵاتیان بەرزدەكاتەوە،هاندەرێكی سەرەكیش دەبێ بۆ بە دیموكراتیزە كردنی كۆمەڵگا و سەرچاوەیەكی هیواش دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوان حیزبە سیاسیەكانی كوردستان و ڕێگاش لە هەر هەوڵێكی نا دیموكراتیانە دەگرێ،كە بیەوێ بەربەست بۆ سیستەمی دیموكراتی و ڕەوتی گەشەكردنی كۆمەڵگا دروستبكات.

**ئامانج و بەرەنجام:**

كاتێ باس لە دیموكراتیەت ئازادیەكانی تاكەكەس دەكرێ دەبێ ئەو ڕاستیەمان لا ڕوونبێ،كەوا ئەرك و ئامانجی سەرەكی لە پرۆسەی بە دیموكراتیزەكردنی هەر كۆمەڵگایەك لە سنوورێكی سیاسی و ئیداری دیاریكراو، بریتیە لە هەمووارکردنی كەشێكی لەبار بۆ پێكەوە ژیان و هەڵكردنی سەرجەم تاكەكانی ئەم كۆمەڵگایە لەسایەی سیستەمێكی حوكمی مەدەنی هاوچەرخ و ڕێكخستنی بوارەكانی ژیان و كاروباری ڕۆژانە لە سایەی دەستوورێك،كە بەڕەزامەندی بەشی زۆری هاوڵاتیەكان بێ و لەسەری كۆكبن،بواری ڕاپەڕاندن و ڕێزیش بۆ بنەماكانی ئەم ڕێككەوتنە كۆمەڵایەتیە مسۆگەر بكرێ.ئەم ڕێككەوتنە كۆمەلایەتیە لە كۆمەڵگای كوردستان ئێستا لە"قۆناغی فۆڕمەلە"بوونە،هێشتا دەرەمەیە و نەگەیشتۆتە ئاستێكی سەقامگیری زۆر بەرچاوی دەستووری، تا تاكی كوردستانی بتوانێ هەست بە دڵنیابوونێكی تەواو بكات،بۆیە ئەم گەندەڵی  و كەم و كوڕیانە زۆر بەئاسانی حیزب،حكومەت،كۆمەڵگا دەخاتە بەر ڕەحمەتی كاریگەریەكانی خۆی، زەمینەش بۆ گلەیی و گازاندە لە بوارەكانی مافي مرۆڤ، دیموكراتیەت،

ئازادیەکانی تاکەکەس،مافە دەستووری و یاساییەکانی هاوڵاتیان و مەسەلەی ویژدان زۆر دەکات،گلەییەکانیش بەپێی ئاستی بەرپرسێتیەکان هەموو دامەزراو، ئۆرگان و دەسەڵاتەکانی حیزبی و حکومی وکۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.
هەر لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوەیە دابەگرامی مافە دەستووریەکان،پرۆسەی دیموکرتیەت،ئازادیەکانی تاکەکەس و ویژدان لە کوردستاندا وەك دڵی مرۆڤێکی ترسنۆك زۆر لەرزۆکە،ئاراستە و کێرڤی بەرز و نزم بوونەوەکەشی دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی کاریگەری ڕووداوەکانی ڕۆژ،زۆر جار دەکەوێتە سەر هەوەس و بەرژەوەندیە شەخسیەکانی هەندێ لە بەرپرس و دەسەڵاتدارەکانی ناوخۆ.ئەگەر بەراوردێکی خێرا لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی و کوردستان لەگەڵ وڵاتە دیموکراتە ڕاستەقینە پێشکەوتووەکانی جیهان بکەین،تێبینی دەکرێ ئەم هێڵە بەیانیە لە هەموو بار و دۆخێکدا تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو جێگیرە،کاریگەری ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانە نابنە هۆکارێکی نێگەتیف تا ڕاستەوخۆ بنەماکانی دیموکراتیەت، مافە یاسایی و دەستووریەکانی هاوڵاتی،ئازادیەکانی تاکەکەس و ویژدان بکەنەونە بەر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە،بەڵام لە کوردستان بە پێچەوانەوە بچووکترین ڕووداو کۆمەڵێك کاریگەری زۆر نێگەتیفانە و مەترسیدار بەسەر هەست و دەروون یان ڕەوتی پرسەکەدا دەهێنێ.هەر ئەم هۆیەشە وادەکاتن هاوڵاتی کوردستانی هەمیشە دڵی لە ناو دەستی دابێ،کاتێ کێرڤی قسەکانی نێوان یەکێتی و پارتی تۆزێ هەڵدەکشێ.

---

**سەرچاوەکان و پەراوێز:**


1- J.C.P.M.Vis & J.W.van Deth کتابي politieke problemen لە چاپخانەی aksant بەیارمەتی Instituut voor pobliek en politiek & Stichting Burgerschapskunde لە ئەمستردام .1994.ل30-32.

2-ناصر البحراني بابەتی:اساليب نشاءة الدساتير www.bahrainonline.org

3- سامان حمە صالح ڕەشید- لە پرۆسەی ریفۆرمدا کێ،چی ئەڵێت،،22-3-2005– www.reform-kurd.com/ .

4- المحامي يونس عرب - الحكومة الالكترونية-مفهومها ونظامها وعناصرها www.arablaw.orgیان www.yesser.gov.sa/ مفهوم الحكومةالالكترونية. "يمكن تعريف الحكومة الإلكترونية بأنها "الاستخدام التكاملي الفعال لجميع تقنيات المعلومات والاتصالات، لتسهيل وتسريع التعاملات بدقة عالية داخل الجهات الحكومية (حكومة- حكومة "G-G") وبينها وبين تلك التي تربطها بالأفراد (حكومة-فرد C"-"G")، وقطاعات الأعمال (حكومة-أعمال G"-"B"). وتنقسم تطبيقات تقنية المعلومات والاتصالات في الجهات الحكومية إلى ثلاثة أقسام رئيسة، هي:تطبيقات منتشرة في جميع الجهات الحكومية (التطبيقات النمطية)، مثل: أنظمة شؤون الموظفين، والأنظمة المالية، وأنظمة حفظ الملفات، وغيرها. تطبيقات مشتركة بين عدد من الجهات الحكومية، كنظام طلبات الاستقدام. تطبيقات خاصة بالجهة الحكومية.

5- Akkerman,Tjitske (samenstelling)، کتابي- De kwetsbare demoecratie- sleutelteksten uit de politieke theorie مطبعە aksant امستردام 2001،ل62-63.

6- هەمان سەرچاوەی ژمارە 5 - ل205. یان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو چەمکە سەیری کتابەکەی محمد اركون/ نزعة الانسنة في الفكر العربي –جيل مسكوية و التوحيدي وەرگێڕانی هاشم سالح /دار الساقي 1997- چاپی یەکەم/ بکە بە تایبەتی ل32 بە دواوە.

7- غياث الدين نەقشەبەندی / نامۆیی – چاپی یەکەم- ئەدیلاید، ئوستڕالیا 2002- ل 48-49 .

8- Fritz Riemann كتابي Psychologie van de angst لە لایەن(ئەنجێلا فان دەر تۆرن) لەئەلمانیەوە کردوێتیە هۆڵەندی،چاپخانەی VUGA لاهاي .1980 . ل 159. هەروەها هەمان سەرچاوەی ژمارە 7، ل 48-50. یان ل 78-81.
9- كامل السعدون/الفساد المالي و الاداري في الدولة العراق/ حوار المتمدن www.rezgar.com ژمارە 1156ي رۆژی 3-4-2005. وروەها د.عقیل اهناصری – اهجیش واهسلطە فی العراق الملکی 1921-1958 ط . الاولی،دار الحصاد سوریە.لاپەڕەکانی 123و 159-169.
10- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 9.
11- الاتحاد العدد 318ی رۆژی 14-5-1999" وتاری مامجەلال لەکۆنفرانسی مەڵبەندی کەرکوك" کە باسی ئەم دیاردانە زۆر بە ئاشکرا دەکاتن و داوای بنەبرکردنیان دەکاتن. ئەمەش گەواهیە بۆ کۆنی ئەم گەندەڵی و کێشانە.
12- رۆژنامەی هەواڵ ژمارە 108ی رۆژی 27ی تشرینی دووەمی 2004 لاپەڕە 3،بەشی سیاسەت.یاداشتنامەکەی بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ سکرتێری گشتی.نامەی د. بەرهەم سالح سەبارەت بەم کێشە رۆژی 24-10-2004 لە بەغدا وە بۆ مامجەلال و مەکتەبی سیاسی ناردووە،لە رۆژی 29-11-2004یش لە کوردستان نێت بلاوکرابۆوە،ئەمەش گەواهیە بۆ کۆنی ئەم کێشانە. هەروەها هەمان سەرچاوەی ژمارە 11،کەچی دوای شەش ساڵ لە ناو یەکێتی باس لە ڕیفۆرم دەکرێ؟!
13- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 12.
14- رۆژنامەی هاولاتی،ژمارە 225 ی رۆژی چوارشەممەی 25-5-2005 ،چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کوردە عومەری قایمقامی کۆیە - فەرمانبەرێکی زۆرمان هەیە دەوام ناکەن و مووچە وەردەگرن-ئامادەکردنی حەوێز حەوێزی،ل 7.
15- هەمان سەرچاوەی ژمارە 12،هەمان لاپەڕە. هەروەها گەواهی جەماوەر بۆ سەرکەوتوویی حکومەتی د.بەرهەم یان ئەو هەڵوێست و هوشیارییەی لە کاتی هەڵەکردنی سوێندخواردن لە حکومەتی جەعفەری هەستیپێکردبوو.
16- ئەم بەشە بەدوو زەنجیرە لە کوردستانی نوێ،ژمارە ،بەناوی ئەو هۆکارانەی بۆشایی نێوان هاولاتی و دەسەلات کەم دەکاتەوە،لێرە دەستکاری و دەولەمەندکراوە تا لەگەڵ ئەم بابەتە بگونجێ.
** لە www.peyamner.com رۆژی 26 مەی 2005 وەرگیراوە: "بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی سلێمانی بە پەیامنێری داوە، ژمارەی کوژراوەکانی چوار مانگی رابردوو بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە (71) هاووڵاتییە و لەو ژمارەیەش (21) کەسیان ئافرەت بوون . هەروەها (522) هاووڵاتی بریندار بوون و (189)کەسیان ئافرەت بوون." ئەمە تەنها سەر ژمێری قوربانیانی یەك شاری کوردستانە لە ماوەی چوار مانگدا،دەبێ هی سەرجەم کوردستان چەندبێ؟
17- د. ك. متروپولسکی/ ی.ا.زوبریتسکی/ و.ل. کروف / وەرگێڕانی پەروێز بابائی- انتشارات ازاد مهر-چاپی یەکەم تەهران-1382 هجری - شەمسی. بۆ زیاتر زانیاری سەیری ل 236-253.
18- ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-چالاکی و پرۆژەکانی ساڵی 2003.-چاپی یەکەم سلێمانی/کوردستان-چاپخانەی تیشك - ساڵی 2004.ئەگەر سەیری ئەم ساڵنامەیە بکەیت بە ژمارە و خشتە لەو هەنگاو و ڕاستیانە دەگەی کە لە کوردستان لە پێناو ئاوەدانکردنەوە نراون،بەلام بۆ گلەی و گازاندەش زۆرە؟ئەمە پرسیاری ئێمە و هاولاتانە و مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەمانە.
19- کاتی خۆی مستەشار و خەڵکی کوردستان ئەو ناوەیان بەسەر ئەو جاشانە دابڕی بوو،کە مووچەیان هەبوو، بەلام ئەرکی واجب گرتنیان نەبوو.
20- هەمان سەرچاوەی ژمارە 12.

21-ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە 86ی ڕۆژی 12ی مەی 2005،چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی .
22- ئەم زاراوانە هی هاورێ و دۆستی ئازیزم کاك"قادر وەرتی"شاعیر و نووسەرە.
23- هەمان سەرچاوەی ژمارە 3.
24- ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە196- چوارشەممە 20-10-2004 و ژمارە197ی چوارشەممە 27-10-2004.
25- هەمان سەرچاوەی ژمارە 12.
26- کازم حەبیب – هل من جديد في اتحادية كردستان العراق و في حياة الشعب الكردي؟بەشي دووەم http://www.tirbespi.com/arab/erebinu5/2.htm
* ئەم بابەتە لە گۆڤاری پێشهاتی ژمارە 10 حوزەیرانی 2005 بڵاو بۆتەوەوە.